Referendum Campaign for Independence of Kurdistan

# سەرەتایترین مافی خەڵك ڕێفرادۆمە

**سیروان ئەمین**

**نۆێنەری کەمپینی ڕیفراندۆم لە فینلاند**

sirwanlatif@yahoo.co.uk

231.12004

**ڕیفراندۆم یان پرس و ڕا یەکێکە لە سەرەتاییترین مافەکانی مرۆڤ و لە ولاتانا ڕۆژانە خەڵك کاری پێدەکەن ڕۆژ نی یە لە سەرچاوەکانی هەواڵەوە نەبینین و نەبیسین کە لە فلانە ولاَت و لە سەرفلانە کێشە پرس و ڕانەکەن ، لە ڕۆژگارێکی وەك ئەمرۆدا زۆرێك لە کێشەکان بەم ڕێگەیە چارەسەر دەکرێ تەنانەت کێشەیەکی وەك ئەوەی کە ئایا ئوستراليا بە پاشایەتی بمێنێتەوە و سەر بە مەملکەتی بریتانیا بێت یان حکومەتێکی کۆماری بێت ،یان ئایا هەرێمی کیوبکی کەنەدا کە فەرەنسی زمانن جودا بن یان لە بۆتەی کەنەدادا بمێننەوە ، ئەمەو دەیان نمونەی بەرچاو تر ....**

**ئەوەی جێگای پرسیارە کە بۆچی ئەم مافە بۆ خەڵکی کوردستان ڕەوا نی یە کەلەڕیفراندۆمێکدا بڕیار لەسەر ئەوە بدەن دەولەتێکی سەربەخۆ و عیلمانیان هەبێ یان لە عێراق جیا ببنەوە.. پێشتر ئەوە بیانوو بوو کە سەددام و حکومەتی بەعس لە دەسەلاَتدان و ئەم پرۆسەیە لە خوێن هەلدەکێشن ، وە لەکاتی خۆیدا لە سەر ئەم مەسەلەیە یەکێتی نیشتمانی و خکومەتی هەرێم لە سلێمانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراقیان دایە دادگاو بەوە تاوان باریان کرد کە ئاسایشی نەتەوەیی دەخەنە مەترسیەوە، ئەو بیانوە کە هەموو دیکتاتۆرێك دەیهێنێتەوە بۆ سەرکوت کردنی هەر خواست و ئیعترازێك کە خەڵك داوای دەکات....**

**بەلاَم ئێستا نە سەددام و نە حکومەتی بەعس ماوە نە دیکتاتۆرێکی وا لە سەر حوکم هەیە تا بتوانێ بەر بەو خواستە ڕەوایەی خەڵك بگرێ......**

**ئەوە بۆ پەنجا سال دەچێ حیزبە کوردیەکان خەڵك دەکەنە قوربانی لە ژێر ناوی مەسەلەی ڕزگاری کوردستاندا و نانی پێوە دەخۆن بەلاَم کە ئەم هەلە هاتوەتە پێشەوە لەو مەسئولیاتە ڕادەکەن و خۆیانیان لێ کەڕ کردوە بە مەرجێ ئێستا کوردستان لە هەموو کات زیاتر جێگای باسەو ئەوانەش کە دژایەتی ئەم پرسەدەکەن وەك تورکیا و ئێران و سوریا هیچیان پێ ناکرێ بە حوکمی بوونی هێزە نێودەولیەتیەکان و ئەمریکا لە عێراق و کێشە ناوخۆیەکانی خۆیان...**

**ئەوان دەیانەوێ لە بەغدا سەددام و بەعسێکی تر دروست بێت و ئەو خواستەی کە دەیان سالە خەڵکی کوردستان خەوی پێوە دەبینێ زیندە بەچاڵ بکرێتەوە...**

**ئەورۆ ڕیفراندۆم و مەسەلەی سەربەخۆی کوردستان سەنگی مەحەکەو هەر هێزێك دەیەوێ پابەندی خۆی بە خواستەکانی خەلکی کوردستانەوە گرێدا دەبێ پاڵپشتی لەم مەسەلەیە بکات......**